# سیمانتیکای پەیوەستێتی

# لە شیعرەکانی برایم ئەحمەد-دا



پرۆفیســـۆر. د. زاهیر لەتیف کەریم

بلە (برایم ئەحمەد 1914 – 2000)، ئەو ناو و کەسێتییەیە، کە لەسەر زاری زۆربەی خوێنەر و سیاسەتمەدار و تێکڕای خەڵکی کورد و ناکورد بە خاوەنی دەسەڵاتێکی مەعریفی ناوزەد دەکرێت.

سروشتی گشتیی نووسینەکانی خۆی لەم بەیتەدا دەبینێتەوە:

**مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان**

**چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان 20:2**

ئازار و ئەشکەنجەی ژیان لەلایەن دوژمنانی گەلەوە هیچ کات چۆکیان بەم دروشمەی سەرەوەی نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا چێژی لەو ئازارانە بینیوە:

پشتم داڕزاوی جەزرەبەی قەمچییە

ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە

پێم شەلی دارکارییە

فرمێسك لە چاوما قەتیس ماوە

پێستم بەسەر ئیسکما وشك بۆتەوە

بەڵام بە دڵێکی وەك پۆڵاوە

ڕێم گرتۆتە بەر، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی **33:2 – 34**

مامۆستا برایم لە نووسینەکانیدا، بەتایبەتی شیعر، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لە دەربڕینـدا.. هەست بە سادەیی و هێزی خەسڵەتەکانی دەکرێت وەك ئەوەی لەپاڵ هەر سادەییەکدا کۆمەڵێك مانا کۆدەبێتەوە، کە خوێنەر پێویستە بە وردی لەڕووی زمان و دەربڕینەوە ڕاڤەیان بکات، سەربەستییەکی تەواوی داوە بە وشە و فرەیزو و ڕستە و خوازەو خواستنەکان تا بتوانن ئامانجەکانی شاعیر بپێکن.. وەك ئەوەی مەبەست و هونەرەکەی لەپێناو یەك ئامانجدا کار بکات، توانای ئەوەی هەبوو لە چ جێگایەکدا وشە مانادارەکان بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە وێنە و دەربڕینە شیعرییەکەی بکات. یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی شاعیر ئەوەیە لە هەچ جێگەیەك بووبێ، بەغدا، زینـدان– ئـەبو غرێب، ماوەت، لەندەن خاك و زمان و مەسەلە و نیشتمانەکەی لە یاد نەکردووەو هەمیشە وەك جوتیارێك شەیدای سروشتی وڵاتەکەی بووە، بە ئێش و ئازارەکانییەوە، خولقابوو وەك وێنەگر و ڕۆژنامەنوسێك بۆ ژانی گەلەکەی، ئەم دانەبڕانە هەمیشە وایکردووە کە مامۆستا برایم پەیوەست بێت بە ڕووداوو ئەنجامەکانییەوە، تەنانەت جارجارەش لەپێناو چەمکە مرۆڤایەتییەکاندا ئارکۆلۆژیای میللەتەکەی خستۆتە ئەولاوە، چونکی ئەو یەقینەی لا دروست ببوو کە گەلانی چەوساوەی جیهانیش هەمان کێشەو ئازاری ئەویان هەیە..

لە زاراوە سایکۆلۆژییەکاندا دوو جۆر کەسێتی بەدی دەکرێت، یەکەمیان داخراوی و دووهەمیان کراوەیی، هەریەکەشیان تێبینیی خۆی لەسەر شتەکان هەیە و بە ئاسانی گەورەیی و ناگەورەیی و کاریگەری و ناگەریی هەریەکەیان جودا ناکرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی داخراوییەکان، وەك کارێکی بزێوی ناوەوە دژایەتیی کارە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و مەبەستێتی تەنها لایەنە زیرەکییەکانی خۆی بۆ بەرامبەر نیشان بدات بەبێ ئەوەی ئاماژە بدات بە گێژاوی بارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵ.. کراوەییەکانیش بە پێچەوانەوە، ئەوەندەی بایەخ بە عەقڵی دەرەوە دەدەن ئەوەندە خۆی مەبەست نییە، بەڵکو لە زۆر جاردا خۆشی لە یاد دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە داخراوییەکان زیاتر بایەخ بە جیهانی ناوەوەیی خودی خۆیان دەدەن و دەسوڕێنەوە لە بازنە تێگەیشتنە تایبەتییەکانی خۆیاندا، بەڵام کراوەییەکان بایەخ بە جیهانی دەرەوە دەدەن و هەمیشە هاوێنەکانیان ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبێتەوە کە دەوری مرۆڤیان بە گشتی داوە، هەر لەبەر ئەمەشە داخراوییەکان بۆ هەر کارێك کە مەبەستیانە ئەنجامی بدەن زۆر بە وردی و بە




ئاگابوونەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، چونکی هەر هەڵەیەك کە دەکرێت لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەوێت، بەڵام کراوییەکان مەبەستیانە بچنە نێو پرسیارەکانەوە بە گەورە و بچووکەوەو هەوڵیش دەدەن کە وەڵامێکی سروشتی و لۆجیکیانەیان بۆ بدۆزنەوە، بەبێ ئەوەی تێکڕای خەڵکی پێ ئیزعاج بکەن، لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەشێ بوترێت کە کەسێتیی داخراویی هەڵگری ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوەیە:

- گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان لە ڕێگەی هێزی موتیڤی خودی خۆیەوە.
- جیهانە تایبەتییەکانیان بریتییە لەو بۆچوونانەی کە تەنها خۆیان باوەڕیان پێی هەیە، کە ئەمەش وا دەکات بە ئاسانی نەتوانین راڤەی کارە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەین.
- کەسێتیی داخراویی لە بنەڕەتدا کەسێتییەکی شەرماوییەو هێزی جەربەزەیی تێدانییە، کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەم جۆرە کەسێتییە دوولایەنەن و هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژین، بە مانایەکی تر هەمیشە لەنێو بازنەی (گرژی و ناڕەحەتیدا) دەژین، هەر لەبەر ئەمەشە تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەم جۆرە کەسێتییانە خاوەنی بڕیارێکی بنبڕی کۆتایی نین، چونکی زانیارییەکانیان لەبنەڕەتدا لەو هاوێنانەوەیە (عدسە) کە تەنها خۆیان باوەڕیان پێی هەیە و باوەڕیان بە سەرچاوە دەرەکییەکان نییە بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێك بن بۆ کۆتاییهێنانی بڕیارەکانیان. زانایان دەڵێن ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەڕووی هاوڕێیەتییەوە لاوازن، یان هاوڕێیەتییەکانیان دیاری کراون، زیاتر ئەوانەن کە لە خۆیانەوە نزیکن. دیارە لێرەدا ئەم کەسێتییە مەبەستێتی تەنها کەسێتی و هێز و توانای خۆی فەرز بکات بەسەر کەسێتییەکانی تردا، بەڵام کەسێتییە کراوەییەکان بەنموونەی مامۆستا برایم ئەحمەد بە پێچەوانەوە هەڵگری ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوەن:

بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی هەمیشە پشت بە هێزی خودەکان دەبەستێت و خودی خۆی دەکات بە بەشێك لە خودەکان بەبێ جیاوازیی کۆمەڵایەتی یان ئابووری.. بەمانایەکی تر، خودی خۆی بەرجەستە دەکات لەنێو بازنەکانی دەرەوەی خۆی، هەر لەبەر ئەمەشە تێکەڵبوونی لەگەڵ کەسانی تر بەشێوەیەکی رادە بەدەرەو ئەم تێکەڵبوونەشی جۆرێك لە ئایدیا دروست دەکات بەبێ ئەوەی خودی خۆی فەرز بکات بەسەر خودەکانی تردا و باوەڕیشی وایە کە کەسانی تر هەقی ئەوەیان هەیە گوێیان لێ بگیرێت. ئەم کەسیەتییە دەتوانێت بە ئاسانی دۆستایەتی و دراوسێیەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی تری جودادا دروست بکات و ئەو گوتارەش کە مەبەستێتی بەبێ هیچ سانسۆرێك بگەیەنێتە دەوروبەر، بەبێ ئەوەی دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە بەسەر دەنگەکانی تردا، واتە ئەم جۆرە کەسێتییە هیچ گوشارێك بە زۆرەملێیی ناخاتە سەر کەسانی تر، چونکی

ئایدیاکەی یان گوتارەکەی لە بنەڕەتدا موڵکی تێکڕای خەڵکە، ئەمانە هەر هەموو دەمانگەیەنێتە ئەو یەقینەی کە ئەم جۆرە کەسێتییە و گروپەکەی لە ڕێگەی تیوری "تەقەلاو هەڵە" trial & error شتەکان فێر دەبن، کە ئەم تیورە توانیوێتی ئەزمونێکی باشی کار و کاردانەوە بخولقێنی. لێرەدا دەشێ بووترێت، هەروەك زاناکانیش جەختیان خستووتە سەر، کە ئەم جۆرە کەسێتییە بەهۆی ڕێزگرتنی خۆیەوە لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە کەسێتییەکی پۆزەتیڤ و خۆشەویستە، چونکی دەتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندی و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکرییەکان بکات. 15:1–3، لە زۆربەی کاتیشدا بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات بە قوربانی مەسەلەکان. بەم جۆرە کەسێتییانە وتراوە کەسێتیی بەرهەمهێنەر، چونکی مەبەستێتی بگەڕێت بەدوای داوا و ماف و ئامانج و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی تێکڕای خەڵکی:

**لەبەر چاوی بەد، لەترسی بەدکار**

**دڵ خۆم ئەکەم گۆڕی یادگار**

**مرۆ بەدیلی بژی خۆشە، یان**

**بمرێ بۆ بەرزی خۆی و وڵاتی** **19:2**

**من پێشمەرگەی کوردستانم**

**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**

**بەسەر و ماڵ و ژیانم**

**ئەیپارێزم نیشتمانم** **47:2**

**بۆ مافی گەل و خاکەکەم**

**هەتا ماوم خەبات ئەکەم** **69:2**

هەر ئەم بانگەوازانەشە وای کردووە کەسێکی وەك مامۆستا برایم ئەحمەد جۆرێ لە ئیلاستیکی –مرونەی– هەبێت لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگ و گەڕان بەدوای کلیلی کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا:

**کوردە قوربانە ڕۆژێکە و ئەمرۆ**

**بەقسەی دوژمن مەبە دەستخەرۆ**

**هەر بە یەکێتی و فیداکاری خۆت**

**ڕزگارت ئەبێ لە زنجیر و کۆت**

**هەر بە ویستن و تەبایی و خەبات**

**گەلانی دنیا گەییونە ئاوات**

**تەبایی نەبێ چیت لەوان کەمە**

**هەر (ناتەبایی) سەرچاوەی خەمە 65:2 – 66**

بەم پێیە ئەم جۆرە کەسێتییە بە کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت، چونکی دەتوانێت بۆچوونەکانی تر بەلای خۆیدا رابکێشی استقطابي بۆچوونەکانی تر بکات. لە هەموو ئەمانەدا، ئێمەی خوێنەر خۆمان لەبەردەم دوو جۆر رووداو دەبینینەوە: یەکەمیان بێ جووڵە وەك ئەوەی خۆی یاسا بێت و ڕێگە نەدات بە کەسانی تر بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات، وەك ئەوەی بڵێت من وەك یاسا زمانییەکانم و بۆ کەسی تر نییە جێگۆڕکێم پێ بکات لە فعل بۆ فاعل یان بەپێچەوانەوە. دووهەمیان کە نموونەکەمان مامۆستا برایم ئەحمەدە جووڵەدارەو لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی لە یاسا چەسپاوەکان دەدزێتەوەو بەڵکو بۆ هەر سیاق و نەسەقێك بەدوای چەند مانایەکدا دەگەڕێت، وەك ئەوەی مەبەستی بێت بەدوای چەقی کێشەکاندا بگەڕێت و تەنها نەیبەستێتەوە بە کێشە دەرەکییەکان –مامۆستا لە زۆر جێگادا باسی لە هەژاریی رۆشنبیریی کۆمەڵگە دەکات، کە بۆتە هێزێکی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی گەلدا (خوێنەر خۆی دەتوانێت لە دیوانەکەدا بەدوای ئەم نموونانەدا بگەڕێت)–، بە پێچەوانەشەوە دەشێ لە رێگەی فاکتەرە دبلۆماسییەکانیشەوە دەنگی خۆمان بە ئازار و ئەشکەنجە و کێشەکانمانەوە بگەیەنینە دەوڵەتە زلهێزەکان، تابتوانن ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندییە میتریالیزمەکانی خۆیان پارێزگاریمان لێ بکەن و ئێمەی کوردیش تا ڕادەیەك سوودمەند بین:

**گەلان هەموو برای منن**

**هەر زۆردارانم دوژمنن**

**خەبات و چالاکی ئەوان**

**بۆ من هیوایە و پشتیوان**

**ورە و پەندیان لێوەر ئەگرم**

**هاوخەباتیانم تا ئەمرم 69:2**

خۆ ئەگەر لەڕووی زەمەنەوە چاوێك بە گەلاوێژدا بخشێنینەوە، ئەوا دەبینین مامۆستا برایم خۆی لە دوو دۆخی لوجێکیدا دەبینێتەوە..

یەکەمیان: جددییەتی گۆڤارەکە و ئەو بابەتانەی کە تیایدا بڵاودەکرانەوە، کە بۆ ئەو سەردەمە بە ئاستێکی بەرزی رووناکبیری و ئەدەبی و سیاسی ئەژمار دەکرێت. دووهەمیان: جوداکردنەوەی بەهای ئەم گۆڤارە لە گۆڤارەکانی تر لەڕووی کەرەستەی زمان و ئەدەب و مەعریفەتەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە بزێوییەکی مامۆستا بوو لە بواری ڕاگەیاندن و ئەدەبدا تا نزیکیان خاتەوە لە بۆچوون و هەوڵەکانی گۆڤارە عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە، وەك نموونە کە هۆکاری سەرەکیی بیناکردنی دەزگا رۆشنبیری و رووناکبیرییەکان بوون.

بێگومان مەرجی  تاکەکەسی وەك مامۆستا برایم بەس نەبوو بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە، بەڵکو کەسانێکی تریش هەبوون کە زیاتر شەرعیەتی مەعریفییان دا بە گۆڤارەکە، کە زمانحاڵی دۆخە رۆشنبیرییەکەی مامۆستا برایم و هاوڕێکانی بوو، لەگەڵ ئەم هاوکارییەشدا پێویستە بوترێت کە مامۆستا برایم، وەك کانت و لیبنیز، 2:10 ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەم پرۆژە فیکری و سیاسی و ئەدەبییە، کە توانیی یاسا زانستییەکانی سەردەم –جیهان– تێکەڵ بە میتافیزیقیا و ئەرکۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی بکات، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێت شتەکان لەخۆڕا سەرهەڵنادەن و لەخۆڕاش گەشە ناکەن و پێویستی  بە هەوڵ و کۆشش و خەباتە. لێرەدا مەبەستی مامۆستا ئەوە بوو کە زیاتر تێکەڵ بە کۆمەڵ بێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دیالۆگێکیان لەگەڵدا بکات و تێیانگەیەنێت کە بەیەك نەسەقی مەعریفی ناتوانرێت پارێزگاری لە کولتور و مەسەلەکەمان بکەین.

لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەکە، مامۆستا هەر زوو هەستی بەوە کرد کە پێویستە بچینە نێو یاسای راڤەکردن و هەڵسەنگاندن و بیناکردن، واتە مامۆستا مەبەستی بوو گوتارەکانی بە هەموو چەمکەکانییەوە ماندار بێت و بۆ هەر چەمکێك چەند پێشبینییەك دابنێ. لەهەمانکاتدا مەبەستی بوو سوود لە تێکڕای ئەزموونەکانی ناوەوە و دەرەوە وەك کارێکی سەرچاوەیی وەربگرێت، تا بچێتە نێو زانستی ئەزموونگەرییەوە، بەمانایەکی تر مامۆستا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وای خواستووە کە خۆی لە سێ چەمکی سەرەکیدا ببینێتەوە.. یەکەمیان: ئەو مەسەلانەی کە مانابەخشن. دووهەمیان: ئەو مەسەلانەی کە مانا نابەخشن. سێهەمیان: ئەو مەسەلانەی کە مجردن 5:69–70، هەر سێ چەمکەکەش خۆیان لەنێو دەسەڵاتی زانست و لوجیك و فەلسەفەدا دەبیننەوە، کە لەوەو پێش ئەو دەسەڵاتانە بە وردی لای تێکڕای خەڵکی نەئەبینران. لە دۆخە راڤەکردنەکەدا مەبەستی وروژاندنی مەسەلە زەمەنییەکان بوو، کە هەمیشە، بۆ کورد، گەمارۆ درا بوو بە میتافیزیقیایەکی بێمانا، کە مامۆستا حەزی بە دووبارەبوونەوەی ئەم بێماناییانەی نەدەکرد، چونکی لە هەموو زەمەنەکاندا دەسەڵاتدارانی کورد نەیانتوانی ناوەڕۆکێکی مەعریفیی سەردەم لە ئاستە سرووشتییەکەی خۆی زیاد بکەن تا بتوانن بۆچوونی دوژمنان لە ئاستێکی نیگەتیڤەوە بگۆڕن بۆ ئاستێکی پۆزەتیڤی، واتە مامۆستا ئەو یەقینەی لا دروست  بووبوو کە مەسەلە مێژوویی و زەمەنییەکان پێویستە بگۆڕێت تا ئەو کاتەی بە گشتی باوەڕێك دروست بێت،  کە أ= أ نەك أ= ب ـ لە بیناکردنەکەشدا مامۆستا مەبەستی بوو، کە بگەڕێت بەدوای هەستە بینراو و نەبینراوەکاندا وەك ئەوەی، بۆ یەك مەسەلە خۆمان ئامادە بکەین بە چەندین شێوەو شێواز لەپێناو نەدۆڕانێکی سەرتاسەریدا:

**لەناو جەرگی تاریکییەوە**<br>
**دەست بە کەلەپچەو تەوق لە مل و زنجیر لە پێ**<br>
**لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلییەوە**<br>
**کەوتوومە ڕێ، هاتووم، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی 33:2**

له روانگەی ئەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستا برایم توانای چەمکی گۆڕینی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی هەیە، لەهەمانکاتدا گوشاریش دەخاتە سەر خوێنەر، بۆ ئەوەی ئەو باوەڕەی لا دروست بکات، کە مەسەلەیەك هەیە لە پشت مەسەلە سرووشتییە زەمەنییەکانەوە و پێویستی بە سووتەمەنیی عەقڵ و مەعریفەت و بەدواچووندا هەیە. بەم پێیە مامۆستا مەبەستێتی تاکی کورد بکاتە سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ پرۆسەکەی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کارنامەی مامۆستا بریتییە لە کارنامەی کاریگەریی پێچەوانەیی –التأثیر العکسي– وەك ئەوەی بیەوێت کودەتایەك دژ بە چەوتی و گەندەڵییەکانی سەردەم ئەنجام بدات و کەسانێکیش هەبوون تینوی ئەم گۆڕانکارییە بوون لە سیستمەکەدا، مامۆستاش لەولاوە خەریکی بەرزکردنەوەی رێژەی کەمایەتییەکان بوو بۆ ناکەمایەتییەکان و کۆکردنەوەیان لە یەك بازنەی فیکری، کە ئەمە بەلای رەخنەگرانەوە پێی دەوترێت Atomization 11:14، مەبەستەکەشی لەوەدایە کە مەسەلەیەك هەیە پێویستە هەموو تاکێك بەشداریی تێدا بکات، تا بەرپرسێتیی مەسەلەکە بکەوێتە سەر هەموو، لەهەمانکاتدا بەمجۆرە کارەش دەوترێت "کودەتای گوتاری"، کە خاوەن مەسەلەکان هەر بۆ خۆیان و بەپێی سەرچاوە و ئەزموون چاکسازی لە هەڵەکانی خۆیاندا دەکەن، هەروەها رەخنەگرانیش "مەبەستێتی" پێ دەڵێن Intension 15:13، وەك ئەوەی مامۆستا برایم وەك لایەنێ پەیوەندیدار بێت بە لایەنگرەکانییەوە، بەمەبەستی جەخت خستنە سەر یەك نامە بەشێوەیەکی رێکوپێك و تیوریانە، لەلایەکی تریشەوە کارەکە دەچێتە نێو تیوری مەسەلە گەورەکان Macro-Proposition 316:1 وەك ئەوەی مامۆستا مەبەستێتی مەسەلە گەورەکان وەك نێنەر بگەیەنێتە خوێنەرەکانی بەمەبەستی بەراوردکردنی لەگەڵ مەسەلە بچوکەکانداو دواتر گفتوگۆکردنی لەسەر مەسەلە بنەڕەتی و گشتییەکانی گوتارە سەرەکییەکەیدا، لە هەموو ئەم بۆ چوونانەدا مامۆستا برایم باوەڕی وابوو کە لە رێگەی هەستکردن بە هەڵەکان دەتوانرێت دەردە سەرەکییەکان بە هۆکارەکانیشەوە دەستنیشان بکرێت، لێرەشەوە دەشێ گوتارو ستراتیژییەتی بیناکردنی بکەر بە نموونەی مامۆستا برایمەوە ئاشکرا بکەین، کە ئەو بکەرە رۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە گواستنەوەی دەقە سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیرییە ترادیشنەکان بۆ دەقێکی ئایدۆلۆژیایی کاریگەر. بێگومان هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ داوە، جۆری کارنامەکان لەنێوان سەرکردە و ناسەرکردە جودا ناکرێتەوەو هەریەکەیان پێویستی بەوی تریان هەیە، وەك ئەوەی فعل بەبێ فاعل و کار بەبێ کاردانەوە هیچ مانایەکیان نییە، ئەم کارەش بەرەو کاری راڤەکردن Interpretation و هیرمنیوتیکا Hermeneuticsمان دەبات، مەبەستیش لە راڤەکردن راڤەکردنی ئەو کارە خواستەیی و شاراوانەیە کە پێشتر بەهۆی لاوازیی بیرو هۆشەوە راڤە نەکراوە بۆ ئەو مەبەستانەی کە خوێنەری نموونەیی مەبەستێتی، بەمانایەکی تر راڤەکردن بریتییە لە روونکردنەوەی مەبەستێتیی کارنامەکان: سیاسی، فیکری، ئایدیۆلۆژیایی...هتد، دیارە ئەمەش بە ئاسانی ئەنجام نادرێت و پێویستە پێشەنگ و لایەنگرەکان رۆژانە خۆیان رابهێنن لەسەر خوێندنەوەی زۆربەی هەرە زۆری دەقەکان بە کۆن و تازە،




به ئەفسانە و ریالیستەوە. لە پێناو چووەنە نێو جیهانی میتۆدەکانی هێما و کۆدەکان.. هیرمنیوتیکاش خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی سەرەکیی تیۆری راڤەکردن و ڕاهێنانە تا دەگاتە مانای مەبەست یان نزیکخستنەوەی لە مانای هێما و کۆدەکان، بەم پێیە هیرمنیوتیکا یاسایە و هێز و توانای راڤەکردنی گوتارەکانی وەك کارێکی پسپۆری هەیە، هەروەك چۆن هایدگر و فریدریك و شلایر ماخر بەم کارە هەڵسان و تیورێکیان دامەزراند بەنێوی تیوری هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی و سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی 13–48.. وەك ئەوەی ئێمە لە مانا گشتییەکان تێناگەین تاکو نەچینە نێو لق و پۆپی ئەم گشتییەوە، بۆ نموونە مامۆستا برایم ئەو هەستەی لا دروست بووبوو، کە پێویستە خۆی و خوێنەرەکانی  ئاگاداری زمان و کاڵچەر و زەمەن و رووداوە مێژووییەکان و قۆناغە ئەدەبییەکانی کورد بن، ئەگینا ناتوانرێت باس لە سنووورە فراوانە گشتییەکەی ئەم دۆخانە بکرێت، بۆ هەر یەکێکیش لەمانە پێویستیمان بە راڤەکردنێکی هاوچەرخانە هەیە تا مەسەلە بچوکەکان لە ئایندەدا بتوانن گوتارێك دروست بکەن یان کار بکەن بۆ بیناکردنی فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریی کوردی. بەم شێوەیە هیرمنیوتیکا کارەکەی بوو بە دوو کار: یەکێکیان هەستکردن بە شتەکان، دووهەمیان تێگەیشتنی شتەکان. خۆ ئەگەر خوێنەری کورد نموونەیی بێت ئەوا کارئاسانییەکی باش ئەنجامدەدات بۆ راڤەکردنێکی بابەتیانە دوور لە دۆگما. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە پلەی مامۆستا برایم بگەیەنینە پلەی فەیلەسوفە ناودارەکانی جیهان، بەلاّم هەوڵەکانی بۆ گۆڕینی سیستمە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئەدەبییەکان زۆر نزیکن لە بۆچوونەکانی زانای ئیتاڵی ئیمیلیو و زانای ئەمریکی دونالد هیرش و زانای ئەڵمانی هانز گادامیر، کە سەرجەم ئەم زانایانە کۆکن لەسەر ئەوەی راڤەکردن پرۆسەیەکی هەرە گرنگی گەشەی عەقڵە 49:13. ئەم عەقڵە دەتوانێت تەنها خۆی نەبەستێتەوە بە یەك راڤەکردن کە رەخنەگران بەم کارە دەڵێن چەندێتیی خوێندنەوە، بۆ نموونە مامۆستا برایم ئەحمەد بەپێی سەرچاوەکانی خۆی ئاگاداری شێوە و شێوازی خەباتی میللەتانی چەوساوەی جیهان بووە، کە چۆن و بە چ رێگەیەك توانیویانە خۆیان رزگار بکەن لە دەستی زوڵم و ستەمکاران، بێگومان شێوازەکان لێرەدا جیاوازن و خۆیان لە یەك شێوازدا نابیننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بابەتی

راڤەکردنەکە لۆجیکێکی لەپشتەوەیەو ئارەزووە تایبەتییەکان رۆڵیان نابێت. راڤەکردنی بابەتەکانی مامۆستا برایم گرێدانە لەنێوان هەوڵە مێژووییەکانی سەردەمی رابردوو لەگەڵ مەسەلە نوێیەکاندا، بە نموونەی سیاسەت یان ئەدەب، لێرەدا پێویستمان بە رایەکەی فەیلەسوف فیلهیلم دیلتای دەبێت، کە دەڵێت (تێگەیشتی راستەقینەی ئەدەب و دەقە مرۆڤایەتییەکانی تر لەسەر بنەمای سوودوەرگرتنی خوێنەرە بۆ ئەزمونی ژیانی ناوەوەی کۆمەڵ) 50:13، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەزموونەکانی ناوەوە وای کردووە کە مامۆستا برایم ئەحمەد و کەسایەتییەکانی تری سەردەمی خۆی بەدەر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بچنە نێو راڤەکردنی ئەزموونەکانی دەرەوە، چونکی عەقڵی تاکی کورد بە هەموو نموونەکانییەوە کافی نەبوو بۆ تێگەیشتنە گەورەکان، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ عەقڵە دەرەکییەکان نەبات، هەر لەبەر ئەمەشە ( گادامیر) هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە رۆژانە خۆمان ڕابهێنین لەسەر گەمەکانی راڤەکردن، کە بەداخەوە ئەمڕۆکە وەك تێبینی دەکرێت سەرکردەکانمان ئەم خاڵەیان فەرامۆشکردووە، کە رەنگە لە ئایندەدا مەترسییەکی گەورەی مێژوویی لێ بکەوێتەوە. بە مانایەکی تر شێوازی راڤەکردنمان پێویستە کراوە بێت و دەورە درابێت بە چەندین بۆچوون و پێشبینی تا ئەنجامەکەی بگاتە ئەوەی هەموو خوێنەرەکان بە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەوە سیاقی و نەسەقی چێژ لە مەسەلە گەورەکان ببینن، دواتر ئارگیومینتێك بەشێوازێکی دیموکراسیانە بخولقێنن لەنێوان راڤەکەراندا بە سەرکردە و ئەندامەکانییەوە، چونکی ئەگەر کارەکە بەم ئاقارە نەڕوات ئەوا کاری راڤەکردنەکە لاواز دەبێت و بێ توانایە لەسەر کاری گونجاندن، ئەوسا هەر خوێنەرە بەپێی ئارەزووەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی راڤەمان بۆ دەکات، کە رەنگە زۆر دوورمان بخاتەوە لە ڕاستیی مەسەلە گەورەکان.

کاری ئێمە لێرەدا گەڕاندنەوەیە بۆ زەمەنی رابردوو بە نموونەی مامۆستا برایم ئەحمەد کە توانیی لە ماوەی کارە ئەدەبی و سیاسییەکانیدا دارشتنێك بۆ دەستووری گوتاری کوردی بنووسێت بەو هیوایەی کە لە ئایندەدا ئەم دەستوورو گوتارانە ببنە ئنیسکلۆپیدیایەك کە دەشێ کۆمەڵگەکەمان پشتی پێ ببەستێت و کاریشی لەسەر بکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو مامۆستا برایم هەمیشە هەوڵی دەدا کە خوێنەرەکانی نموونەیی بن بۆ ئەوەی بە جووتە بتوانن یاسای دەستوورەکە بەرەو سەرکەوتن بەرن، بۆ نموونە مامۆستا برایم لە سەرجەم کارە سیاسی و ئەدەبییەکانیدا بۆشاییەکی گەورەی دروستنەکردووە لەگەڵ بەرامبەردا تا بڵێت تۆ هیچ نیت و هیچت نەکردووە و ناشتوانن هیچ بکەن.. بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگەی بەراوردی زەمەنەکانەوە خوێنەری نموونەیی خۆی خاوەنی بڕیار بێت لەسەر دەستنیشانکردنی بۆچوونەکان، چونکی بەلای مامۆستاوە مەبەستەکانی ئەمجۆرە خوێنەرە مەترسیی گەورەی تێدا نییە و لەکۆتاییدا خۆیان لە یەك مەبەستدا دەبیننەوە، هۆکاری ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی پێشبینییەکان، چونکی دوژمن هەر جارەی بەجۆرە شێوازێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووین.. جارێك بە گفتوگۆ و جارێکی تریش بە لێدانی سووك و جارێکی تریش بە ئەنفال و کیمیاباران و شێوازی تریش، لێرەدا مامۆستا لەڕێگەی راستییەکی ناهەستپێکراوەوە

نەیدەڕوانییە ئەم جیاوازیی شێوازانە، چونکی بڕوایەکیان لا دروستبووبوو کـە خێـر لـە دوژمنـدا نییـە و هیچ ڕاستییەکیشی لێ چاوەڕوان ناکرێت:

**ئەزانم دوژمنەکانم چ بلیمەتێکن لە ئازاردان و کوشتنا**

**هەرگیز ئەو داخانەم لەپێشچاوە کە بە ناوچەوانی باوو باپیرمیانەوە ناوە**

**ئەزانم چ شەیتانێکیان لێ دەرچووە لە ویجدان مراندن و گیان کوشتنا**

**بۆیە هێز نییە بموەستێنێ دەسەلات نییە لامدا**

**لەڕێ ڕۆیمو ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی 34:2–35**

ئەم هەڵوێستەیە بەلای سیمیاییەکانەوە پێی دەوترێت لـوجیکی (جهـویی)، کـە بـاوەڕی بـە نـاوەرۆکی یاساکانی دوژمنەوە نییە، بەڵکو بەهێز و ڕێژەی باوەڕپێکردنیان بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ڕادەیەك بـاوەڕ بـە گوتار و دانیشتنەکانیان بهێنرێت162:1، چونکی هەمیشە پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە دوژمـن شـێوەکانی خۆی لە دەستوورەوە بگورێت بۆ حاڵەتێکی بەرژەوەندیی نا دەستووری، کـە بـەدەرە لـە مافـەکانی مـرۆڤ. لێرەدا پێشبینییەکانی سەرکردەکانمان بە نموونەی مامۆسـتا بـرایم ئەحمـەدەوە لـە بنەڕەتـدا ڕاسـتییەکی ناهەستپێکرا نەبوو، چونکی سیمیاییەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە پێویستە بۆ هەر دەقێك کارێکی حیسابی دیارکراو نەکەین، بەڵکو بەراورد بکەین لەنێوان ڕژێمەکان و بینای دروستکردنیان، ئەوکات دەتوانین حوکمی ئەوە بدەین کە چەند دەتوانین بگەڕێین بەدوای پێناسەی ڕاسـتەقینەی هـەردوولا –ڕژێـم و ئۆپۆسـۆزیۆن– ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مەسەلەکانمان تەنها دانیشتنێکی ڕووکەشی نییە لەگەڵ بەرامبـەردا بەمەبەستی کاتبردنەسەر، بەڵکو پێویـستە باوەڕێـك لای بەرامبـەر دروسـتبکەین کـە ئێمـەی کـورد بـەدوای کەرەسـتە ونبووەکانمانـدا دەگـەڕێین و پێویستیـشە لاپـەڕە مێژووییـە تۆزاییـەکان بـۆ جـارێکی تـر زیندووبکەینەوە، هەروەك چۆن مام جەلال لەبەردەم سەرکردەکانی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوریدا لە ئەنجومەنی حوکم بوێرانە ئەو ڕاستییەی سەلمان کە ئێمە تەنها ئـەم نەخـشەیەمان دەوێـت و هیـچی تـر.. لێرەدا مام جەلالیش ئاگاداری ئەوە بوو کە نمایشکردنی ئەو نەخـشەیە بـۆ ئەمڕۆکـەی ڕۆشـنبیریی جیهـانی کارێکی گونجاو و شیاوەو هیچ لادانێکی نادروستی نەخوڵقاندووە، بۆیە دانیشتوان بە هەموو توانا سیاسی و مەعریفییەکانیانەوە تێکڕا لە ئەنجامی ئەم نەخشەیە ئەبڵـەق بـوون. زانایـەکی وەك (تۆمـاس کـون) دەڵێـت (ڕۆشنبیری مێژوو بینایەکی مرۆڤایەتییەو پێویستە ڕەتنەکرێتەوە، بـەپێی یاسـا دانراوەکـان و پێویستیـشە زیندووبکرێنەوەو ڕۆڵی خۆشیان ببینن تا گوشار بخاتە سەر ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆکە باوەڕیان بـەو جـۆرە میرات و ئارکۆلۆژیایە نییە، بۆ ئەوەی پێناسە نەتەوایەتییەکانیان لێ زەوتکەن یان بیشێوێنن)3:7. چیرۆکی نەخشەکەی ئێمەش کە نمایشکرا ئەوەنـدە کـۆن نییـە، بـەلام هێـزی دەرەکـی بـە دوژمنانـەوە مەبەسـتیان نەبووە کاری لەسەر بکەن، بەڵکو بۆ زەمەنێکی فراوان قەدەغەشیان کردبوو لە بینینمان. ئەم هەڵوێـستەی مام جـەلالیش هەڵوێـستەیەکی کتـوپڕی و هەڵـچوونێکی داخـراوی تـاکی خـۆی نـەبوو، بـەڵکو لـە بنەڕەتـدا هەڵوێـستەکە کـاری تێگەیـشتنی ئەزموونـەکانی پێـشوتر بـوو، کـە ڕەنگـە یـەکێك لـە سەرچـاوە هـەرە سەرەکییەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد بووبێت:

**ڕۆژێ دێ کوردیش هەڵئەسێتەوە**

**تەمی مەینەتی ئەڕەوێتەوە**

**ئاڵای ئازادی ئەشەکێتەوە**

**گوڵ و گوڵزارمان ئەگەشێتەوە**

**دار و درەختمان سەوز ئەبێتەوە**

**دەردو ئازارمان بیر ئەچێتەوە**

**کوردستان وەك بوك ئەڕازێتەوە**

**ئاوازی شادی بەرز ئەبێتەوە 64:2**

لێرەدا ئەم دراوسێتی و نزیکایەتییە لە هەڵوێستەی ئەم دوو بەڕێزەدا مانای دژایەتی نییە تا بڵێین هەریەکەیان بۆ دەزگایەك و پرۆژەیەك کار دەکات، بەڵکو وەك ئەنیشتاین لە تیورەکەیدا بۆی دەچێت، هەر هەڵوێستەیەك دەشێت خۆی لە هەر سێ زەمەنە جیاوازەکەدا (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ببینێتەوە. هەر بەشێك لەم زەمەنانە توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە، تا ئەو رادەیەی هەر زەمەنە و زانیارییەکی مەعریفیی خۆی هەیە.. بەڵام بەلای ئەنیشتاینەوە جۆری پەیوەندییەکان تـــــەواوکەرین –تکامل–، چونکی لە بنەڕەتدا هەر سێ زەمەنەکە بۆ یەك یاسا و رژێم کار دەکەن 12:9. لێرەدا دەشێ بوترێت کە کاریگەریی مامۆستا برایم لەسەر عەقڵیەتی کەسایەتییەکانی دوای خۆی بەنموونە گەورەکانیشەوە توانای گۆڕانکاریی لە قوڵایی رەوشی عەقڵی کۆمەڵگەکەدا هەیە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەرە بەسەر هەستە نوێیەکانی مێژووی سەردەم، کە توانی و دەتوانێت چەمکی خەیاڵەکان بگۆڕن بۆ ڕاستییەکی ئیستاتیکی و کردنەوەی دەرگای دیالۆك لەنێوان رژێم و دەسەڵات و قایلنەبوون بە شتە ناشیاوەکانی هێزی دەسەڵاتی بەرامبەر، دیارە مامۆستا لەپێناو ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی بە بیرێکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییانە هەیە تا بتوانێت ئاڕاستەی سایکۆلۆژیای بەرامبەر بەرەو ئاقارێکی تر بەرێت، ئەم هەڵوێستەیەش لەوێوە سەرهەڵئەدات کە سەرجەم بۆچوونەکان یەك دەگرنەوە لەپێناو سەرکەوتنی کارە سەرەکییەکاندا یان چەواشەکردنی دوژمن تا بە ئاسانی لە شێوازە فیکری و سیاسییەکانمان بە سەرەکی و لاوەکییەوە تێنەگات و نەتوانێت هێزی خۆی بۆ کام بازنە تەرخان بکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بیرۆکە نوێیەکان بە ڕاستەوخۆیی دژایەتیی بیرۆکە کۆنەکان دەکات، بەڵکو کاری هەردوو جەمسەر کۆکردنەوەی داتاکانی دوژمنە و راڤەکردنیانە، لێرەدا کاری مامۆستا برایم ئەحمەد دەربازبوون بوو لە رۆتینی سیاسەتی ناوخۆ، کە خۆی زیاتر لە دژایەتییەکاندا دەبینییەوە، واتا مامۆستا وەك الفرید شوتر139:3، وازی لە دوژمنایەتیی هێزی ناوەوە هێنا، بە پێچەوانەوە لە هەوڵی کاری پەیوەندی دابوو بەمەبەستی کۆکردنەوەی یەك بۆچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری لەنێو ریزە جیاوازەکانی گەلدا، ئەمەش ستراتیژییەکی نوێی مامۆستا بوو بۆ بیناکردنی کاری کاریگەری لەسەر تێکڕای جەماوەر و باوەڕهێنانیان بە لۆجیکی مەسەلە گەورەکان، کە بریتیبوو لە: سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین.. لەم بۆچوونانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو

ڕاستییەی کە مامۆستا برایم لەڕێگەی ئەم ستراتیژیەتەوە ئاماژەی بەوە نەداوە کە خودی خۆی بە پاڵەوانی ئەم ستراتیژیەتە بزانیت، بەڵکو ئەو هەستەی لا دروستبووبوو کە پێویستییەکی سەردەمە و پێویستیشە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خۆمان و دەوروبەردا بکەین و پردێك دروستبکەین لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە دەتوانن بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیان لەگەڵ کوردستاندا ئاوێتەکەن، ئەمانە تێکڕا ڕەنگیان داوەتەوە لە دەقە شیعرییەکانی مامۆستادا، چونکی شیعر بەلای ئەمەوە چرای هیوایە بۆ تێکۆشەران و ئەوانەی خۆیان بەختدەکەن لەپێناو جیهانی ئازادی و جوانیدا، 2: 8. ئێمە لێرەدا نامانەوێت جارێکی تر وەك مێژوونووسێك لاپەڕەکانی ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد لە رووی سیاسی و ئەدەبی و ڕاگەیاندنەوە هەڵدەینەوە، بەڵکو مەبەستمانە تابلۆ شیعرەکانی کە توانیویانە دەستنیشانی ستراتیژیەتی ئایدیۆلۆژیای کورد و کوردستان بکەن بخەینەڕوو، چونکی شیعر لای مامۆستا، وەك عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت (تەنیا دەرخستنی جوانییە شاراوەکان نییە، بەڵکو سروودی خەبات و کوڵنەدانیشە) 11:2، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر ئەگەرچی لەسەرەتاوە خولیای ڕێبازی ڕۆمانسییانەی هەبوو وەك شیعری "یادگار و هیوا، خۆشەویستەکەم، ئێستەی تەماوی"... بەڵام هۆشیارانە توانی ئاوێتەی بکات لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تێکڕای خەڵکی هەستی پێ ناکات، بە مانایەکی تر شاعیر توانیویەتی لە دوو ڕەنگی جیاواز تابلۆیەکی پڕ مانامان بۆ بنەخشێنێ، کە زیاتر خۆی لە یەك قەبارە (کتلە) دەبێتەوە، ئەویش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا خەمی کورد و کوردستان و مافی چارەی خۆنووسینە، گەر سەرنجی شیعرەکانی بدەین بە ئاشکرا ئەم قەبارەو کێشانەمان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە:

*یادگار و هیوا= سروشت، بیرکردنەوەی قوڵ، هاوکێشەی بابەتی– کورد.

*نەورۆزی من= نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، ئارکۆلۆژیای کورد، سەربەستی.

*بەرەو ڕووناکی= توانستی مرۆڤ، سەرکەوتن بەسەر زوڵم، هیوای کورد.

*سروودی پێشمەرگە= توانستی مرۆڤی کورد، نەتەوایەتی، تواناکان.

*ئازار و بەهار= توانستی گەل، نەتەوایەتی، کوردایەتی.

*یاران= ئارکۆلۆژیان کورد، برەودان بە ویژدانی کوردایەتی، باوەڕهێنانی بە سەرکردە وەك هێماو پلاندانەرێك.

*هەر کورد ئەبین= ئارکۆلۆژیان کورد، نەتەوایەتی و کوردایەتی.

*دواتیری کەوان= سەربەستی، نەتەوایەتی، باوەڕهێنان بە هێزی گەل..هتد.

ئەمانە و شیعرەکانی تریش بەڵگەی ئەوەن کە قەبارەی بنەڕەتیی شاعیر بریتییە لە پێناسە و گەڕان بەدوای ئارکۆلۆژیان کورد و ڕزگاربوون لە دەستی بێگانە. تەنانەت لە شیعرە ڕۆمانسییەکانیشدا بە پێچەوانەی هەرە زۆری شاعیرە ڕۆمانسییەکان خودی خۆی لەیادکردووەو نورمی (معیار) ڕێبازەکە دەگۆڕێت بۆ نورمێکی ریالیستی.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر وەك کارێکی میتازمانی لە هەوڵی داڕمانی زمانە کلاسیکییەکەدایەو دەیەوێت بەهۆی پەیوەندییەکانەوە زمانێکی کاریگەری سادە

و ساكار بەكاربهێنی، كە ئەمە لای (جیرار جینێت) بە كاری "تحایل" ناوزەنـد كـراوە، كـە بریتییـە لـە پەیوەندیی دەقی ئێستا بە دەقەكانی پێشووەوە، بەبێ ئەوەی بۆشاییەك بكەوێتە نێوانیانـەوە2:12. دووبارەبوونـەوەی مـۆتیڤی شـیعرەكان جۆرێـك لـە هاوتـەریبی و یەكـسانبوون لـە بۆچـوونەكاندا نیشاندەدات، وەك ئەوەی مامۆستا بـرایم هـەر لەسـەرەتای دەسـتپێكردنی شـیعری (یادگـار و هیـوا– 1933) تا دوا شیعری (هەر كورد ئەبین– 1981) خۆی لەیەك هەڵوێست و مەبەستێتیدا دەبینێتەوەو زەمەنەكان بـە هـەموو تـاڵی و ناخۆشـی و گرژییەكـەوە كاریگـەر نـەبوون بەسـەر توانـای بایۆلۆژیـەتی دەقەكانییەوە، وەك پاشگەزبوونەوە لە هەندێكیان یان بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە: لـە شـیعری (جـەژنی سەلامەتی و گەشكە) كە بۆ عەبدولكەریم قاسمی وتووە، بـاوەڕی وابـوو كـە ئـەم كەریمـە بیروبـاوەڕە، هێمای گەلی خەباتگێڕە، ئالآی نیشتمانپەروەرە46:2، ڕەنگە هەر ئەم بۆچوون و بیرانە بێت ئەمرۆكـە ئەو كەریمەی كە لەكاتی خۆیدا كوردەكان گلەیی زۆریان لەڕووی سیاسییەوە لێی بـوو، بۆتـە پاڵـەوانی زەمەنی هاوچەرخی گەلی عێراق و هەژاران و بەڵكو بـۆ جـارێكی تـریش دوای پرۆسـەی ئـازادیی عێـراق (2003) پەیكەرێكیان بـۆ دروسـتكردەوە، بنـەمای ئـەم كـارەش ڕەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ باوەڕهێنـانی شاعیر بە ڕاستییەكانی زەمەنی ئەم كەریمە و سـلوكی لەگـەڵ حـوكم و بـەراوردكردنی لەگـەڵ ئەوانـەی دوای خۆی هاتوون، ئەگینا لەبەر ئەوە نەبووە كە عەبدولكەریم دوای ڕزگاربوونی لە مردن میدالیایـەكی زێرین ببەخشێت بە مامۆستا گۆرانی شاعیرو ماموستا بـرایم ئەحمـەد و پۆسـتێكی باشیـشیان بـداتێ.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە كەسێتیی مامۆستا برایم كەسێتییەكی هێمنانە بـوو، هۆشـیارانە مامەڵـەی لەگـەڵ ڕووداوەكانـدا دەكـرد و بـە گرژییـەوە نەیدەڕوانییـە مەسـەلەكان.. ئەمـە وەك كەسـێتییەكی دبلۆماسی، بەلآم وەك پێشمەرگەیەكیش لە نزیكەوە ئاگاداری بارودۆخە تاڵەكەی ولآتەكەی بووەو هـیچ هێمایەكی روخاندن و هەرەسی پێوە دیار نەبوو، بـۆ نموونـە: لـە شـیعری (دواتـیری كـەوان– 1949) هانی میللەت ئەدات كە تەوژمێك بدات بە خۆینـداو پێداچـوونەوەیەكی نـوێ بكـەن بـۆ مەسـەلەكان، تـا بگەنە هاوشێوەی ئـەو میللەتانـەی كـە توانییـان چـۆك دابـدەن بـە گـەورەترین دیكتـاتۆری نازییـەكان (هیتلەر):

**دوا تیری كەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن**

**دوا سەركەوتنی تۆیە و دوا نووچی گەلە دوژمن**

**ئەوە هیتلەر خواوەندی شەڕی سەرڕووی زەمین بوو خۆ**

**قەلآی سەرمایەداری پڕ تفاقی ئاسنین بوو خۆ**

**بەجاری گۆڕی گوم بوو، گشتی وەك خۆی بێسەرو شوێنە 2: 43: 44**

دیسانەوە لە شیعری (سروودی پێشمەرگە– 1962) گەرچی رووبەری شیعرەكە زۆر فـراوان نییـە، بـەلآم شـاعیر لەڕێگـەی ئـامرازی قـسەكەرەوە توانیویـەتی رووبـەڕووی ئامرازەكـانی تـر بەشـێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ببێتەوە، وەك ئەوەی خۆی گوتار و دروشمە بـۆ هـەموو پێـشمەرگەیەك كـە لـە سـەنگەری خەباتدا دژ بە دوژمنان دەجەنگن كە بۆ ئەو كاتە دەگمەن بوو.. كەشی گشتیی شـیعرەكەش بـاس لـە

بوون و ئامادەبوونی خودی کورد دەکات، کە دەتوانێت بەو توانا کەمەی کە هەیەتی لەرووی چەندێتی و چۆنێتی پارێزگاری لە خاك و نیشتمان بکات:

**من پێشمەرگەی کوردستانم**

**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**

**بەسەر و ماڵ و ژیانم**

**ئەیپارێزم نیشتمانم**

**دەست لە خەبات هەڵناگرم**

**تا سەرئەکەوم یا ئەمرم 47:2**

لەلایەکی ترەوە ئەم ئامرازی قسەکەرە رەنگە ئەوە بگەیەنێت کە شاعیر خۆی وەك سەرکردەو پارێزەرێك بۆ ماف کورد نیشان بدات. لە شیعری (هەر کورد ئەبین– 1981) لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتبوو، شاعیر دەیەوێت بیسەلمێنێ بۆ خۆی و دەوروبەری کە داگیرکەر بە هەموو هێزێکی سەربازی و میترالیالزمییەوە ناتوانێت نەخشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئارکۆلۆژیایی کورد بگۆڕێت و بیسڕێتەوە.. لە شیعرەکەدا شاعیر ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کورد هەر لەدێر زەمانەوە بوون و کەسێتیی خۆی هەبووە، بەشێکیش نەبووە لە عەرەب و تورك و فارس.. لەگەڵ ئەمەشدا دەیەوێت پەیوەندییەکان لەڕووی ئایین و جۆیۆپۆلۆتێکییەوە لەگەڵ گەلانی دراوسێدا نەپسێنێ و هەموویان بە برای خۆی بزانێت، لێرەشدا سەرکردە نادروستەکانی دراوسێکانی جوداکردۆتەوە لە میللەتەکانیان، بەو پێیەی شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گڕی خەبات دەگوێزێتەوە لای ئەوان، لەپێناو رزگاربوونیاندا.. بۆیە مزگێنیی ئەوەیان دەداتێ کە هیچ کات ماف ئەو میللەتانە پێشل ناکات و مەترسی دروست ناکات لەسەریان. لە دوا بڕگەی شیعرەکەدا شاعیر جەخت لەسەر ئێمەی کورد دەکات، کە ماف خۆمانەو هەتا ماوین بجەنگین و خەبات بکەین دژ بە دوژمنان و هیچ مەترسییەکیش لە ئایندەدا بۆ تێکڕای خەڵکی ئەو میللەتانە دروست ناکەین، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شێوازێکی دبلۆماسییە شاعیر بەکاریهێنا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئێمەی کورد میللەتێکی درەندە و ناشارستانی نین و تەنها بەدوای ماف خۆماندا دەگەڕێین، هەقی خۆشمانە خەبات بکەین هەتا ماوین، بەلام:

**نیازی خەباتمان شەڕنییە**

**دەستخستنەوەی  ئازادەییە**

**بەلام کە نرخی ئازادی**

**مردن بێ ئەمرین بە شادی 69:2**

لە شیعری (نەورۆزی من– 1945) شاعیر گەرچی بە سرودێکی سروشتی نەورۆز دەستی پێکردووە –واتە کەرنەڤالیەتی نەورۆز– بەلام دەیسەلمێنێ کە ئەو نەورۆزە بێبەهایە گەر گەل نەتوانێ جەژنەکە بکاتە جەژنی دیل ئازادی.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، شاعیر مەبەستێتی پەیوەندییەك دروست بکات لەنێوان ئەم نەورۆزەی خۆمان و ئەفسانەکانی ئەتیس و ئەدۆنیس، کە سالانە لەدایك دەبنەوەو دواتر

دەچنەوە بەرگی مردن و زیندان، شاعیر بەمەشەوە ناوەستێت وەك كارێكی ئاسۆی پێشبینی –افاق التوقع– ئەو یەقینەی لا دروستبووە، كە ڕۆژێك دێت سەركەوتن بەدەست دێنین وەك چۆن كۆیلەكانی سەردەمی یۆنان و كاوەی ئاسنگەر توانییان قەڵای دوژمن بڕمێنن، ئەوساش هیواكانی شاعیر جێبەجێ دەبێت و نەورۆز دەبێتە ڕۆژی جەژن و خۆشی، وەختی هەڵپەڕكێ و سەما، مەوسیمی تەڕپۆشی، دەشتودەر گوڵپۆشییە، عالەم كەیفی بادە نۆشییە.. 32:2 هەموو ئەم چالاكییە سیاسییانە وامان لێ دەكات كە بڵێین مامۆستا برایم ئەحمەد یەكێك بێت لە نوێنەرانی فیكری نوێخوازی، لەم بوارەدا دوو ئامانجی سەرەكیی پێكاوە.. یەكەمیان: گوتاری شیعری هەمەلایەنەی لە یەك بازنەدا كۆكردۆتەوە، كە بریتییە لە ڕێبازێكی بیناكاریی فیكری و سیاسی.. دووهەمیان: میتۆدی كۆمەڵایەتیی گۆڕی بۆ ئایدۆلۆژیایەك كە تا ببێتە میتۆدێكی زانستیی بابەتیانەی پەیوەندیدار بە هەموو جۆرە خوێندەوارەكانەوە (سادە و نموونەیی)، چونكی ئامانجی سەرەكیی مامۆستا تەنها باسكردن نەبوو لە ناوەڕۆكە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان، بەڵكو لەهەمانكاتدا هەوڵی بینایەكی عەقڵی و مەعریفی و هەستیاریی بۆ خوێنەر دا تا وا لە خوێنەر بكات ببێت بە بەشێك لە دەق و نامە و فیكر و ئایدیا و ئەدەبەكەی، بەمانایەكی ڕونتر بۆچوونی مامۆستا هەروەك زانایانی بونیادگەرییە پێكهاتەییەكان –تكوینییەكان– بە نموونەی لوسیان گوڵدمان (1913–1970) خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە سۆسیۆلۆژیای ناوەڕۆكە شیعرەكانی پێویستە مەبەستی تێكڕای خەڵكییەكە بهەژێنێ، چونكی گوڵدمان بۆ ئەم مەبەستە لە كتێبەكەیدا (ڕێبازگەری لە زانستی كۆمەڵناسیی ئەدەبیدا) پێنج چەمكی سەرەكیی دەستنیشانكردووە، كە هەموویان دەگونجێن لەگەڵ ستراتیژیەتەكەی مامۆستا برایم ئەحمەددا.

**یەكەم:** زانا كۆمەڵناسییەكان پێویستە لە ڕێگەی كۆمەڵگەوە لە ئەدەب بگەن، پێویستیشە كۆمەڵگە لەم ئەدەبە تێبگات، ئەگینا بنەما سەرەكییەكانی پەیوەندیی نێوان خاوەن دەق و كۆمەڵگەو نامەكە دەپچڕێ و بۆشایی دەكەوێتە نێوانیانەوەو كارەكەشی بێ بەرنامەیی دەمێنێتەوە. مامۆستا برایمیش هەروەك پێشتر ڕوونمانكردۆتەوە، لەپێناو سەركەوتنی پرۆژەكەیدا هەمیشە لە هەوڵی گرێدانی ئەو سێ كوچكەدایە، كە سیمیاییەكان بە نوێنەر و نامە و گەیەنەر پێناسەی دەكەن. لەلایەكی تریشەوە مامۆستا بۆیە لەپاڵ سیاسەتدا چۆتە نێو جیهانی ئەدەبەوە، بۆ ئەوەی دراوسێتییەك دروستبكات لەنێوان ئەو سێ كوچكەیەداو كارنامەكەشی ببێتە كارنامەی هەڵچوونی و ئایدیۆلۆژی و كاریگەری، كە یاكبسۆن بە درێژی باسی لێوە كردوون.

**دووهەم:** ئەزموونی تاك بۆ كەرەستە عەقڵی و مەعریفییەكان بە تەسكی دەمێنێتەوە، گەر ئەم تاكە تێكەڵ بە چالاكییەكانی تاكەكانی تر نەبێت، چونكی بنەماكانی عەقڵ و زهن و مەعریفەت لەبنەڕەتدا تاك نییە و كۆیە، مامۆستا برایمیش تەنها بۆ خۆی نەژیا، بەڵكو وەكو خۆی دەڵێت:

**نا نا من هەر خۆم نیم**

**بە تەنیا نەكەوتوومە ڕێ**

**هەزاران هەزاران هەژارانین 35:2**

**سێهەم:** پێویستە پەیوەندییەکانی تاك و کۆ لەپێناو یەك سستم و دەزگا و پرۆژەدا کار بکات، بەپێچەوانەوە هەریەکە بەبێ بەرنامە بۆ خۆی کار دەکات و لێرەشەوە مەسەلە گەورەکان لەبیر دەچنەوە. بەدرێژایی باسەکەمان ئەوەمان بۆ روونبووەوە کە مامۆستا برایم تەنها بۆ خودی خۆی کاری نەکردووە، بەڵکو بەبێ خودەکان کاری پێ نەکراوە، بەمانایەکی تر ئاڵای ئازادیی کورد ناشەکێتەوە، گوڵ و گوڵزارمان ناگەشێتەوە، کوردستان وەك بووك ناڕازێتەوە، گەر تەبا و هوشیار نەبین، یەك رێ و یەك ئامانج و یەك باوەڕ نەبین (بڕوانە شیعری ئازار و بەهار– 64)

**چوارهەم:** سەرچاوەی زهنییەتی گوتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان عەقڵی جەماعییە، چونکی لەڕێگەی ئەم عەقڵە گشتییەوە گرێکوێرەکان و مەسەلەکان بە گەورە و بچووکەوە دەکرێنەوە:

**گەلان هەموو برای منن**

**هەر زۆردارانم دوژمنن**

**خەبات و چالاکی ئەوان**

**بۆ من هیوایە و پشتیوان**

**ورە و پەندیان لێوەر ئەگرم 69:2**

یان دەڵێت:

**هەرچی دەردو ئازارێك لە دیلی و نەزانین و هەژاریمان دیوە**

**بۆتە هێزی دڵ و گیان و ورەمان**

**هەموو بە جارێ، ئەمجارە هەموو بە جارێ**

**ئەڕۆین بەرەو رووناکی.. 36:2**

**پێنجەم:** بینا زهنییەکان، کە هەڵدەستێت بە رێکخستی کارە جەماعییەکان بەشێوەی هەڵچوونێکی خێرا کار ناکات و پێویستی بە نەفەسێکی هێواش و درێژخایەنە تا بتوانێت لەڕێگەی زەمەوە نەکەوێتە هەڵە گەورەکان. مامۆستا برایم وەك هەستیارێك بەرامبەر بە زمان و خاك و نەتەوەکەی رێگەی ئەوتۆی نەداوە بە دوژمن تا بە ئاسانی بۆشایی بخاتە نێو هەڵوێستەکانی.. ئەمەش لەڕێگەی دوو بونیادی سەرەکییەوە.. یەکەمیان: خوێندنەوەیەکی ریالیستانە بۆ دەقە شیعرییەکانی لەنێو ئەو بابەت و پیمانەی کە هاتوون.. دووهەمیان: خوێندنەوەی بابەت و پیمەکان لە رێگەی ریالیستی دەقەکانییەوە، کە بە پرۆسەی یەکەمیان دەوترێت هەڵوەشاندنەوەی بینای گێڕانەوەگەرییەکانی دەق کە بەلای گوڵدمانەوە بە تێگەیشتن لەقەڵەم دەدرێت، بە دووهەمیشیان دەوترێت هەڵوەشاندنەوەی بینا زهنییەکان کە بەلای هەمان نووسەرەوە –گوڵدمان– بە راڤەکردن لەقەڵەم دەدرێت. ئەم دوو چەمکە خۆی لە دوو بنەمای سەرەکیی تردا دەبینێتەوە، یەکەمیان دامەزراندنی بنەماو کەرەستەی دەقە شیعرییەکان. دووهەمیان دەستنیشانکردنی ئەو بنەماو کەرەستانەو کارکردنیان لە چوارچێوەی جووتە واتایی (ئێمە و ئەوان) کە هەر ئەمەش بوو وای لە گوڵدمان کرد رێبازەکەی بەرەو کارێکی کۆمەڵایەتی بەرێت و ئەدەب و کۆمەڵ پێکەوە گرێ بدا، بۆ ئەوەی کارەکە بگوازێتەوە بۆ جیهانێکی گەورەتر لە

جاران، بەو پێیەی ئەم جیهانە بتوانێت لەڕووی پراکتیکەوە یارمەتیی جیهانەکەی ناوەوە بدات لەپێناو سەرخستنی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکە، چونکە بەلای گوڵدمانەوە پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵ پەیوەندیی دژایەتی و هۆکاری نییە، بەڵکو پەیوەندیی ئاوێتەکردنی هەردووکیانە، هەریەکەیان پێویستی بەوی تریانە. لێرەدا پێویست ناکات چەندێتیی دەقەکان وەك ڕێژە و ژمارە ئەژمار بکەین، بەڵکو گرنگ لەوەدایە ئەو چەندێتییە چەند رۆڵ دەبینێ کە گوڵدمان مەبەستێتی، کە دەق بەلای گوڵدمانەوە بریتییە لە مەبەستییەتی. 1:4 – 6، هەر بۆیە کێشەی مامۆستا لەڕووی چەندێتیی شیعریشەوە راستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلە و نامە و دەقەکانیدا کردووەو بە زۆرەملێ گوشاری نەخستۆتە سەر توانای بایۆلۆژیەتی پیمە شیعرییەکان تا ژمارەیانی پێ زیاد بکات، ئەمەش کارێکی نەگەتیڤی نییە بۆ سەر شاعیر، چونکی مامۆستا بەو نەفەسەی کە هەیبووە کەسێتییەکی هەمەلایەنەی دروستکرد. شاعیر، نووسەر، پەخشاننووس، رۆماننووس، چیرۆکنووس، سیاسەتمەدار، وەرگێر ئەم جۆرایەتییە لەم کەسێتییەدا کارێکی خوڵقاندوە کە نەزانین مامۆستا لە چ بوارێکی ئەم ژانرە ئەدەبیانەدا پسپۆڕە.. چونکی لەهەمانکاتدا و بە یەك چاو و هاوێنە بایەخی داوە بە هەمویان، بۆیە خەزنەداریش نازانێت چی بڵێ دەرهەق ئەم نووسەرە، لەکاتێکدا دەڵێت:

(برایم ئەحمەد بۆ ئەدەب خوڵقابوو، ئەگەر هەموو کاتی بۆ ئەمە تەرخان بکردایە مەسەلەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە)291:8.

رەنگە کەسانی تریش بۆیان هەبێت بڵێن ئەگەر برایم ئەحمەد تەنها کاری لە بواری هونەری شیعردا بکردایە ئەوا دەبوو بە جیمس جۆیس و کەسانی تریش..

سارتەر لە کتێبی (ما الادب) 54:6 باس لە گرنگیی دەقی ئەدەبی دەکات کە چەند پەیوەندیدارە بە خوێندنەوەو جەماوەرو جولەی کۆمەڵگەو پرسیارە داهاتووەکان –لە هەموو ڕوویەکەوە، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فیکری– کە ئەمانە هەموو بەلای سارتەرەوە ئاسۆی بینایەکی زۆر توندوتۆڵە. لە ئەدەبیاتی مامۆستا برایم ئەحمەددا بە ئاشکرا تێبینیی ئەوە دەکرێت کە بۆ هەموو لایەك ژیاوەو بە هێمنی گرنگیی داوە بە هەموویان:

**لەبەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکار**

**دڵ خۆم ئەکەمە کۆڕی یادگار**

**بەگریانی وشك بە ناڵەی بێدەنگ**

**دێنمە لەرزین تەختی کردگار.. 19:2**

تەنانەت بەلای ریالیزمییە سۆشیالیستەکانیشەوە ئەدەب بەشێکی هەرە گرنگی ژیانە بە هەموو ڕوویەکییەوە، پردێکە لەنێوان پەیوەندییە دیالیکتییەکان و ژێرخانی کۆمەڵ، هەر لەبەر ئەمەشە مامۆستا برایم بە درێژایی تەمەنی هەوڵی داوە چەمکە جۆراوجۆرەکان بەیەکەوە گرێبدات تا بتوانێت رۆڵی ستراتیژییەتەکەی پۆزەتیڤانە بێت و خۆی و کارەکانی بە زیندوویەتی بمێننەوەو نەڕوخێن لەبەردەم مێژوویەکەیدا.

**پەراوێــــز و سەرچـــــاوەکان:**


1.امبرتو ايكو، القاريء في الحكاية، التعاضد التأويلي في النصوص الحكائية، ترجمة انطوان ابو زيد، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، الطبعة الأولى 1996.

2.بـرايم ئەحمـەد، کـۆی بەرهەمـە شـيعرييەکانی، کۆکردنـەوە و سـاغکردنەوەو پێشەکی: عومـەر مەعروف بەرزنجی، چاپەمەنی و راگەياندنی خاك، چاپی يەكەم 2007.

3.ديرك لايدر، قضايا التنظير في البحث الأجتماعي، ترجمة عدلي السمري، المجلـس الاعلـى للثقافـة، مصر 2000.

4.جميل حمداوي عمر، مدخل الى البنيوية التكوينية، www.arabicnadawah.com.

5.زكي نجيب محمود، نحو فلسفة علمية، منشورات الانجلو المصرية القاهرة.

6.سارتر، ما الادب، ترجمة محمد غنيمي.

7.سمير مهيـوب، حـوار العلـم و الـدين في الأسـلام بـين الفيزيـاء و الـدين و الفلـسفة، المـراد: حـسن الصدق، جامعة سوربون www.aklaam.net.

8.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کـوردی، بـەرگی حەوتـەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێر 2006.

9.مدونـة اسماعيـل طـه، عـالم مقـدس– الفـصل الخـامس– العلمانيـة الغربيـة– جـاك ريفليـه www.blogsalbawaba.com.

10.محمـد صـالح العيـاري، ضـد مدرسـة فينـا، دفـاع عـن الميتافيزيقـا ضـد مبـدا التحقـق volume 29 www.nizwa.com

11.محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي علـى ضـوء المنـاهج النقديـة الحديثـة، دراسـة في نقـد النقـد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق 2003.

12.وفيق سليطين، في جينالوجيا النص الايحائي، مجلة الموقف الادبـي العـدد 411، تمـوز 2005 www.awn-dammokifadaby.com

13.ميجان الرويلي، سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، المركز الثقافي العربي، الدار البيـضاء، الطبعـة الثانية 2000.

14.يحيى عبدالدايم، تيار الوعي في الرواية اللبنانية المعاصرة، 1982.

15.بدون مؤلف، الانطوائية و الانبساطية www.feedo.net.